# ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی ئاینی و کۆمەڵایەتی لە بەیتی فۆلکلۆری (شێخ فەرخ و خاتون ئەستی)دا

م. ی. ڕێباز محمد امین
کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ- زانکۆی ڕاپەڕی- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

ئەو تـوێژینەوەیە دەچێـتە خـانەی لێکـۆڵینەوەی ئەدەبـی فۆلکلـۆری کـوردی، ئەدەبـی فۆلکلـۆر بەو بەشـەی ئەدەب دەگـوترێ کە دەمـاودەم و پشتاوپشـت، نەوە لەدوای نەوە گێڕدراوەتەوە و پارێزراوە تا بە ئێمە گەیشتووە. دیارە کوردیش وەکو هەموو میللەتێکی زیندوو، خاوەنی سامانێکی فۆلکلۆری یەکجار دەوڵەمەندە، کە لە فۆڕمی ژانری جیاجیادا خراونەتەڕوو. بەیت، بەشێکی گرنگ لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی پێکدەهێنێت. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر لەڕوی ناوەڕۆکەوە، ڕەنگدانەوەی داب و نەریت و بیروباوەڕی ئاینییە، هەر ناوچە و دەڤەرێك خاوەنی خەرمانێك لە بەرهەمی ئەدەبیە، کە لەزۆر ڕووەوە مۆرکی ناوچەییان پێوەدیارە، ئەو توێژینەوەیە تایبەتە بە خوێندنەوەی بەیتی (شێخ فەرخ و خاتون ئەستی)، کە ڕووداوێکی ڕاستەقینەی ئەڤینییە، خەیاڵ ڕۆڵی گەورەی تێدا دەبینێت، لە قالبی بەیتدا گێڕدراوەتەوە، بەپێی گێڕانەوەکان و ناوەڕۆکی داستانەکە، شوێنی ڕووداوەکە دەکەوێتە گوندی (داودییە)ی ناوچەی پشدەر. لەدوو ئاستدا دەیخەینە ژێر تیشکی توێژینەوە، لەلایەکەوە بە سەرنجدان لە ناوی کەسایەتییەکان و بزووتنەوەیان و بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکاندا، بۆمان دەردەکەوێت کە نەریت و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی دەڤەری پشدەر تێیدا ڕەنگیداوەتەوە، لەلایەکی دیکەوە بەپشتبەستن بە دەقی گێڕانەوەی بەیتەکە، لەزۆر شوێندا هەست بە جیلوەی بیروباوەڕی ئاینی و چیرۆکە قورئانیەکان دەکرێت، کە ئەوەش سەرەداوێکی گرنگە لە دیاریکردنی مێژووی ڕووداوەکە، کە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لەو ناوچەیەدا. گرنگی ئەو توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵێکە بۆ زیندوکردنەوە و بەرز ڕاگرتنی ژانرێکی گرنگی سامانی نەتەوەییمان کە بەیتی فۆلکلۆرییە، هەروەها نزیککردنەوەو ئاشناکردنی بەرهەمی فۆلکلۆری ناوچە و دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستانە لە کۆبوونەوەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتی و ناوەندە ئەکادیمییەکاندا.

**پەیڤێن سەرەکی:** *ئەدەبی فۆلکلۆر، بەیت، ئایین، بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی، شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

**پێشەکی:**

لەناو بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا بەیت جێگەو پێگەیەکی تایبەت و گرنگی هەیە، کە هەر لە زووەوە سەرنجی رۆژهەڵاتناسانی ڕاکێشاوەو بە بایەخەوە لێیان ڕوانیوە، چونکە ئەوان بەدوای ناسینی تاکی کوردەوە بوونە، ئەو مەبەستەشیان لەرێی ناسینی بەیتەکانەوە بۆ مەیسەر بووە، چونکە لە بەیتدا وێنەیەکی ڕاستەقینەی کلتور نەریت و بیروباوەڕی کۆمەڵگەی کوردی نیشان دەدرێت. هەر گۆشەیەك لە بەیتی کوردی، ڕیشەی لە دڵ و دەروون و ناخی ئەو میللەتەدایە. بۆیە یەکێك لەرێگاکانی خوێندنەوەی مێژووی هەر نەتەوەیەك، گەڕانەوەیە بۆ ئەدەبی فۆلکلۆر و لەناویشیدا بەیتی فۆلکلۆری. دیارە بەیتی کوردی لەڕووی ناوەڕۆکەوە بۆ دوو بەشی(ئەڤینی و قارەمانیەتی)دا دابەشدەبێت. لەو توێژینەوەیەدا باس لە یەکێك لە شاکارەکانی بەیتی کوردی دەکەین، ئەویش چیرۆکی ئەڤینداری نێوان دوو ئەویندارى پشدەرییە کە(شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی)ن، کە تا ئەمڕۆش بۆتە وێردی سەر زمانی ئەویندارانی. بەیتەکە، سەرەڕای ئەوەی کە باسکردنە لە خۆشەویستیەکی ناکامی نێوان کوڕو کچێك، لە پاڵیدا دەتوانین وەکو تۆمارێك سەیری بکەین، بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی زۆر ڕەهەند و لایەنی دیکە. لەو ڕوانگەیەوە ئامانجمانە بە پشتبەستن بە تێکستی بەیتەکە، خوێندنەوە بۆ دوو ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئاینی کۆمەڵگای کوردی بکەین لە سەردەمی ڕوودانی چیرۆکی بەیتەکەدا. لەو ڕێگەیەوە چەندین سەرەداوی گرنگمان دێنەدەست سەبارەت بە بەهاو و داب و نەریت و کلتوری کوردی و بیروباوەڕی ئاینی لە کوردستاندا.

**بەشی یەکەم: پێکهاتەی هونەری بەیت**

تەوەرەی یەکەم: پێناسەو چییەتی بەیت

بەر لەوەی بچینە سەر چییەتی و پێناسەی بەیت وەك فۆڕمێکی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، لەسەرەتاوە بەپێویستی دەزانین کەوا باس لەو گرفتە بکەین کە بەشێك لە توێژەرانی کورد لەکاتی لێکۆڵینەوە لە بەیتدا ڕووبەڕوی دەبنەوە، ئەویش تێکەڵی و جیانەکردنەوەی سنوری نێوان بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆرە، بەتایبەتی چەمکگەلی وەك( بەیت و داستان و حیکایەت).سەرەڕای جیاوازییان، زۆرجار لێکۆڵەران لەدیاریکردنی سنوری نێوان ئەو فۆڕمانە توشی تێکەڵی بوون، یان لەبری یەك بەکارهێندراون و بەیەك شت زاندراون و جیانەکراونەوە. بۆنموونە عیزەدین مستەفا ڕسوڵ لەژێر ناونیشانی (داستانی دڵداریی خۆماڵی و هاوبەش و بێگانە)دا جیاوازی ناکات لەنێوان هەردوو چەمکی بەیت و داستاندا وەك یەك بەکاریان دەهێنێت( ... جاروبار ئەم جۆرە ناوانە دەکرێن بە دانەری بەیتی کوردی و و فارسی بەناوبانگ، بەڵام پاش وردبوونەوە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە داستانانە ئەوانەبن کە دەدرێنە پاڵ عەلی بەردەشانی)(ڕسوڵ، ٢٠١٠، ٥٥). هەروەها کامەران موکری لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

باسی داستانی قارەمانیەتیدا نموونە بە بەیت دێنێتەوەو دەنوسێ( لەم چەشنە داستانە لە کوردیا زۆرن وەکو بەیتی (سوارۆ)ی شەریف هەمەوەند )(موکری، ١٩٨٤، ٦٥). نوسەرێکی دیکە لەڕووی فۆڕمی ئەدەبیەوە بەیت و پەخشانە شیعر بە یەك شت دەزانێ (ئەمین، ٢٠٠٨: ٥). یاخود زۆرجار لە ناوناندا ئەو کێشەیە دروستدەبێت، کە هەندێجار ناوی داستان و هەندێ جاری دی ناوی وەك حیکایەت خراوەتە سەر بەیت، بۆنموونە بەیتی (چل توتی) ناونراوە (حیکایەتی چل توتی)، بەیتی (خەج و سیامەند)یش ناوندراوە (داستانی خەج و سیامەند)( عبداللە، ٢٠١٤، ١٩٢). وەهەروەها هەندێجار بەپێچەوانەوە حیکایەت هەیە بە بەیت ناونراوە، بۆنموونە بەیتی (ئایشەگوڵ) و بەیتی (لەشکری)، کە لە بنەڕەتدا حیکایەتن کەچی بە بەیت ناودێر کراون.( عەدۆ، ١٩٨٣، ١١) .برێ جار، لەژێر ناونیشانی بەیتدا باس لە لاوك و حەیران کراوە و جیاوازی لەنێوانیاندا نەکراوە(جەلالی، ٢٠١٧، ١٣٠)، لەلایەکی دیکەوە دوو لێکۆڵەری کوردی ڕۆژهەلات، بە زمانی فارسی، لێکۆڵینەوەیەکیان لەژێر ناونیشانی(لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی)ئامادەکردووە، تێیدا لەژێر ناونیشانی چیرۆك دا باسیان لە بەیت کردووە(احمدی و برومندی، ٢٠٢٠، ٩). دیارە ئەو گیرو گرفت و تێکەڵییەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ سەبارەت بە هەریەك لەو بوارانەی ئەدەبی فۆلکلۆرەوە، لەلایەکی دیکەوە هەروەك ئیدریس عبداللە باسیدەکات بەهۆی زۆری نوسینی کورتە وتار و بابەتی بچوکی دوور لە بەهای زانستی، کە خاوەنەکەی بە میزاج و کەمحاڵیبوونی خۆی بابەتەکان تێکەڵدەکات. بۆ ئەوەش چارەسەر ئەوەیە هەریەك لەو بوارانە بخرێنە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەی زانستی وردەوە تاکو سنورو بواری هەریەك لەو فۆمانە بە دروستی دیاریبکرێت.

سەبارەت بە زاراوەی بەیت لە فەرهەنگە کوردییەکاندا، لە فەرهەنگی هەمبانەبۆرینەدا بەمجۆرە هاتووە کە(بەیت، چیرۆکی بە شیعر، هەوای گۆرانی(بەیت و بالۆرە بە یەکتریان هەڵدەگوت.(هەژار، ١٩٩٠، ٨٧). هەروەها لە فەرهەنگی (ڕیشەی وشەی کوردی)دا دەربارەی وشەی بەیت هاتووە:(چیرۆکەشیعری فۆلکلۆری(ئاینی، دڵداری، مێژویی و ...)لەسەر هەوای تایبەتی خۆیان کە دانەر و ئاهەنگسازەکەیان دیارنییە و پشتاوپشت گەیشتۆتە دەستی ئێمە)(ناناوازادە، ٢٠١٧، ٦٢٧).(چیرۆکی بەشیعر، بەیتی خەج و سیامەند)( ڕوحانی، ٢٠١٧، ٣٤٩). وە لە هەندێ سەرچاوەی دیکەدا، لەپاڵ وشەی بەیت، وشەی چریکە بەکاردێنن و بە هاوواتای دەزانن(شاڕوخ، ٢٠٠٢، ٤). کەواتە بەیت لە واتای فەرهەنگیدا بریتییە لەو بەیت و باوەی لەسەر زار و زمانی پێشینیان بووە و لەوانە زار بە زار هاتووە و بە ئێمە گەیشتووە. هەر سەبارەت بە وشەی بەیت لە زمانی کوردیدا (ڕەهبەر مەحموود زادە) لە کتێبی پێکهاتەی بەیتی کوردیدا، پێیوایە ( وشەی بەیت لە نووسراوەکان و لە ئاخاوتنی خەڵکی ئاساییدا بەسێ مانای جیاواز دەکار کراوە.

١- به مانای هەرە گشتی: واتە ئەم بەشە لە فۆلکلۆری کوردی کە تێکڕای (ئەدەبی داستانی زارەکی) دەگرێتەوە دیارە لەم بەکارهێنانەدا وشەی بەیت جگە لە لاوک و حەیران و بەندە کە بەشێک لە گۆرانی و چیرۆکی فۆلکلۆریشی گرتۆتەوە.

٢- به مانای تایبەتی: واتە بەشێک لە ئەدەبی زارەکیی کوردی کە گەرچی خزمایەتی لەگەڵ لاوک و حەیراندا هەیە، بەڵام نە لاوک و نە حەیرانە.

٣- به مانای گشتی: واتە چەشنە بەکارهێنانێک لە نێوان مانای هەرە گشتی و مانای تایبەتیدا جێگیر دەبێ. لەم چەشنە لێکدانەوەیەدا بەیت بە مانای تایبەتی و هەروەها لاوک و حەیران تێکڕا ناوی بەیت یان جاری وایە لە بەکارهێنانی بەرفراوانتردا ناوی "بەیت و باو" یان لەسەردا دەنرێ. (مەحموودزادە، ٢٠٠٣: ٤)(مەحموود زادە، ١٩٨٥، ٢٧)

بەپێی ئەو ڕۆڵ و پێگەیەی کە بەیت لە فۆلکلۆری کوردیدا هەیەتی، هەر لە زووەوە، چ لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسان و گەڕیدە بیانیەکانەوە، چ لەناوخۆدا لەلایەن لێکۆڵەرانی ئەدەبی فۆلکلۆردا، گرنگی و بایەخی زۆری پێدراوەو لە سۆنگەی جیاجیاوە لێیدواون و بەشێك لەو بەیتانەی کەبەسەر زاری گێڕەرەوانی گەلەوە بوون تۆمار کراون و تیشکی توێژینەوەیان گەیشتۆتێ. هەربۆیە لەبارەی پێناسە و چییەتی بەیتەوە بۆچوونەکان فرەن، هەریەکێکیان گۆشەیەکی ئەو سەرمایە گرنگەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییان بەسەرکردۆتەوە. دیارە هەموو ئەو پێناسەو بەسەر کردنەوانەش بێ کەم و کورتی نین و ناسنامەی تەواوی بەیتمان پیشان نادەن، بەڵکو بەشێکیان ناسنامەی بەیت تەنها دەبەستنەوە بە بابەتی ئەڤین و خۆشەویستی بایەخ بە لایەنەکانی دیکەی(قارەمانی، مێژویی، سروشت، ئاینی...) نادەن، ئەوەتا نوسەرێك لەپێناسەی بەیتدا پێیوایە کە ( بەیت دەربڕی هەستێکی خۆشەویستییە، کە چۆن کوڕە لەبەر خاتری کچە ئامادەیە خۆ فیدا بکات)(ڕەحمانی، ٢٠٠٠، ٧٣). لەڕاستیدا پێناسەیەکی کرچوکاڵەو هەموو لایەنەکانی پێکهاتەی بەیتی ڕون نەکردۆتەوە. سوارە ئیلخانیزادە بەیت بە (شیعری وتار) ناو دەبات و ئاوا پێناسەی دەکات: (شیعری وتاری، یان بەیت، بەلای منەوە گەنجێکی هێژا و سامانێکی گەورەی زەق و چێشکەی هۆزەکەمانە. (ئیلخانیزادە، ٢٠٠٧، ١٥٧). وەك دیارە ئەو پێناسەیەش تەنها جەختی لەسەر ناونان کردۆتەوەو باس لە چییەتی پێکهاتەی هونەری بەیت ناکات. مارف خەزنەدار لە پێناسەیەکی تێر و تەسەلدا، چییەتی و پێکهاتەی هونەری بەیتمان پێدەناسێنێ : (بەیت، ئەو جۆرە بەرهەمەیە گیانی چیرۆکی تێدایە، لەجێ و قارەمان و سەردەم و جوڵانەوە، بە قەوارە درێژ نییە، زمانی میللییەو ڕستەی ساکارە، زۆربەی خەڵك تێیدەگا، کێشی خۆماڵییەو قافیەی ڕەنگاوڕەنگە)( خەزنەدار، ب:یەکەم، ٢٠١٠: ١٦٩). هەروەها لەڕوی مەبەست و ناوەڕۆکەوە بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشی دەکات ( بەیت وەکو بابەتێکی چیرۆکی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شیعری زیاتر بۆ مەبەستی گۆرانی چڕین دادەندرێ و خەریکی دڵداری و خۆشەویستی و سروشتە، هەروەها ڕووداوی مێژوویی و قارەمانیەتی و پاڵەوانی نەتەوە لە شۆڕش و جەنگ و بەرگری لە نیشتیمان دەگرێتەوە)(هەمان سەرچاوە: ١٧٧).هەروەها ئیدریس عبداللە، لە بۆچوونێکی نزیک لە هی مارف خەزنەداردا، دەربارەی پێکهاتەی هونەری بەیت، بەوجۆرە فۆرمی بەیت پێناسە دەکات ( هونەرێکی شیعری خۆماڵییە، بەکێشی پەنجە دەنوسرێتەوە، زمانی دەربڕینی ساکارەو نزیکە لە تێگەیشتنی زۆرینە، لەداستان نزیکە بەڵام لێشی جیاوازە... هی سەردەمی بەر لە سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی هونەری بەرزە، زیاتر لە جۆرێکی هەیە، وەکو کۆمەڵایەتی و ئەڤینی و قارەمانی)( عبداللە، ٢٠١٤، ١٩١).

**تەوەرەی دووەم: تایبەتمەندییەکانی بەیت**

بەیت بریتییە لە هۆنراوەی فۆلکلۆری بە ناوەڕۆکی ئەفسانەیی، حەماسی، دڵداری، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی عیرفانی، یا تێکەڵەیەکە لە دووان، یان چەند بابەتێک لەوانە، کە بەشێوەی شیعر، یان ئاوێزەیەك لە شیعر و پەخشان پێکدێت. لەڕووی کێشەوە، هەندێ بەیت لەسەر کێشی پەنجەیی هۆندراونەتەوە، هەندێکی دیکەیان کێشێکی دیاریکراویان نییە، بەڵام جۆرێك لە سەجع و ئیقاعی ناوەکییان هەیە. لە بەیت دا سەروا گرنگی بایەخی زۆری هەیە. (میکائیلی، ٢٠١٦، ٥٥). وە گێڕانەوە ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەیە و یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی بەیت. گێڕەوەی بەیت، گێڕەرەوەی هەمووشتزانە، بەزۆری یەك ڕووداوە، کە بەشەکانی ئەو ڕووداوە بەشێوەی زنجیرەی یەك لەدوای یەکەوە دێن تا دەگاتە ئەنجام. بەشێوەیەکی گشتی هەر بەیتێك بەپێی بارودۆخ و شوێن و کات و جۆری زاراوەی ناوچە جیاجیاکان، بەشێوەی جیاجیا گێڕدراونەتەوە، ڕاستە کە زۆربەی گێڕانەوەکان لەڕووی ناوەڕۆکەوە وەك یەکن، بەڵام کاتێك دەماو دەم گوازراونەتەوە شێوازی جیاوازیان وەرگرتووە، لەڕووی وشەو دەربڕینەوە، بەگوێرەی شێوەزاری ئەو ناوچەیەی کە بەیتەکەی پێ گێڕدراوەتەوە دەگۆڕێن، واتا (بەو شێوەیە نەبووە کە بەیتبێژ هەر بەو جۆرەی کە بیستویەتی وەك خۆی و بەبێ کەم و زیاد ئەزبەری بکات و بگێڕێتەوە، بەڵکو بەزۆری وابووە کە ناوەڕۆکەکەی ئەزبەر کردووە، خۆ ئەگەر بەهرەیەکی شیعری هەبووبێ، ئەوا دەستکاری سەرواکانیشی کردووە، وە هەندێجار تێڕوانین و دەربڕینی خۆی خستۆتە سەر بەیتەکە، یان بەپێی سەلیقەی خۆی هەندێکی لە بەیتەکە لابردووە، هەندێکی بە شیعر و هەندێکیشی بە پەخشان ئەدا کردووە)(هەمان سەرچاوە، ٦٠). لەلایەکی دیکەوە هەر بەیتێك ئاواز و هەوای تایبەتی خۆی هەیە، لەلایەن بەیتبێژ، یان خۆشخوانەوە بەشێوەی گۆرانی، لەدیوەخان و شوێنی گشتیدا دەگێڕدرانەوە. بەیتبێژ، یان خۆشخوان. هێمنی شاعیر لە بارەی پێگەی خۆشخواندا دەڵێ: (دیارە کە وەك هونەرمەند چاوی لێنەدەکرا، بەڵام لە کوێخاو گزیر و سەرکار و پاکار و باب نۆکەر غوڵام و چایەپەز



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

و بەردەست ماقوڵتر بوو) واتا بەو کەسە دەگوترا، کە لە گوند  لە دیوەخانی ئاغادا بەیتی دەگێڕایەوە، یان لە شارەکاندا شەوانە خەڵك لە قاوەخانەکاندا کۆدەبوونەوەو تا شەو درەنگ دەبوو، بەیتبێژ و حیکایەتخوان دەیخافڵاندن(ئۆسکارمان، ٢٠٠٦، ١٤).

بەیتە کوردیەکان سەرمایەیەکی نەتەوەیی گرنگن، چونکە چاودێر و زیندووکەرەوەی دابونەریت، بیروباوەڕی کۆمەڵگەی کوردین، وەهەروەها نیشاندەری مێژوو و دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری و ڕۆشنبیری پێشینانمانن. هەربۆیە لە بەیتدا بەڕوونی هەست بە کاریگەری بنەما و بیروباوەڕی ئاینە جیاجیاکان دەکرێت کە لە کوردستاندا پەیڕەوی کراوی، لەوانە:( ئاینی ئیسلام، مەسیحی، یەهودی...).  لەو ڕووەوەیە کە دەگوترێ بەیتی کوردی ئاوێنەی باڵانمای ژیانی کۆمەڵایەتی کوردین، بەو پێیەی کە ئەو بەیتانە لێوڕێژن لە ئەزمونی ڕابردووی پڕ لە هەوراز و نشێوی خەڵکی کوردستان(میکائیلی، ٢٠١٦، ٥٥). یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی بەیت ئەوەیە کە (مۆرکی نەتەوەیی پێوە دیارە، قارەمانەکانی دیار و ناسراون، ئەو زەمینەیە دەناسرێتەوە کە ڕووداوەکانی بەیتەکەی تێدا ڕوودەوە، داب و نەریت و سلوکیاتی قارەمان و کەسەکانی دیکەی دەوروبەری هەمووی دەناسرێنەوەو دیارن هی چ نەتەوەیەکن، بۆیە بە ئاسانی دەزانین کامە بەیتە هی کامە نەتەوەیە. هەروەها سەرچاوەی بەیتەکان ڕووداوە واقیعیەکانن، ئەمانە بە خەیاڵ و سۆزێکی جوانەوە تێکەڵکێشکراون و بەسەرچاوەکانی دیکەی وەکو ئایین و مێژوو و سروشت و دابو نەریت و... ، لەبەر ئەوەشە ڕووداوێك کە بە گەورەیی ڕویداوە لە ناوچەکاندا بڵاوبۆتەوەو لە هەر ناوچەیەك شایەرێکی باشی لێ بوویێت، بە سەلیقەو وەستایەتی خۆی ڕووداوەکەی لە قالبی بەیتێکدا بەرجەستە کردووە، هەربۆیەش دەقی بەیتێك بە پێی ناوچە جیاوازەکان، بە شێوەی جیاواز گێڕدراوەتەوە. (عبدالله، ٢٠٠٧، ١٩٣).

لەڕووی ڕوخسارەوە، بەیت تێکەڵەیەکە لە هۆنراوەو پەخشان، کە سەرەتاکەی بە پەخشان دەستپێدەکات، کە تایبەتە بە ناساندنی کەسەکان و پێگەیان لە ڕوداوی بەیتەکەدا، هەندێجار بەیتبێژ کاتێ بە هۆنراوە ڕووداو دەگێڕێتەوە، لەناکاو ڕیتمەکە دەگۆڕێ و دەیکاتەوە بە پەخشان. گێڕەرەوە هەمووشتزانە، لە ڕێگەی کەسی سێیەمەوە، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەیتبێژ بە جۆرێك ئاوێزانی کەسایەتیەکان دەبێ، لەڕێگەی هونەری دەنگەوە هێندە بە حەماسەوە خۆی دەخاتە شوێنی کارەکتەرەکان و پێیان کاریگەر دەبێ، کە زۆرجار دەخالەت و حوکمدانی ناوبراو بە ئاشکرا بە سیمای بەیتەکەوە دیارە(رحیمیان، ٢٠١٤، ٩٢). سەبارەت بە بابەت و ناوەڕۆکی بەیتی کوردی ، تەنها خۆشەویستی و قارەمانیەتی نین، وەك هەندێ لێکۆڵەر باسیدەکەن. بەڵکو دەتوانین بڵێین کە( سەرچاوەکانی بەیتی کوردی فرەو جۆراوجۆرن، لەوانەیە ئەفسانەیەك، ڕووداوێکی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

مێژویی، ڕووداوێكی ناوچەیی، وە شكست، یان سەركەوتنێك، یاوەخود بیروباوەڕێكی ئاینی و كۆمەڵایەتی سەرچاوەی دروستبوونی بەیتێك بێت)(سەلیمی، ٢٠١٢، ٣٣)

**تەوەرەی سێیەم: ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی ئاینی و كۆمەڵایەتی لە بەیتی كوردی دا**

بەیت بەشێكی گرنگ لە ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی پێكدەهێنێ، وە فۆلكلۆری كوردی ئاوێنەیەكی گەش و باڵانومایە، كە وێنەیەكی ڕەسەن و ڕاستەقینەی، شێوازی ژیانی هەمەلایەنەی كۆمەڵگەی كوردی تێدا ڕەنگدەداتەوە، هەر لەو سۆنگەیەوە گوتراوە، ئەدەب سێبەری كۆمەڵگایە، هەربۆیە، بۆ لێكۆڵینەوەو بەدواداچوونی زۆر بوار و لایەنی نادیاری مێژوویی، ئابوری، كۆمەڵایەتی، سیاسی و بیروباوەڕی ئاینی میللەتی كورد، باشترین ڕێگە، گەڕانەوەیە بۆ تێكستە ئەدەبییەكان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستەی سەرەوە، لەو لێكۆڵینەوەیەدا، كە تایبەتە بە ڕەهەندی ئاینی و كۆمەڵایەتی لە بەیتی كوردیدا، ئەگەر سەرنجی ناوەڕۆكی ئەو بەیتە كوردیانە بدەین كە لەسەر زاری بەیتبێژانی ناوچە جیاجیاكانی كوردستانەوە گێڕدراونەتەوەو تۆمار كراون، سیمای ئەو دوو ڕەهەندەی سەرەوەیان بەزەقی پێوە دیارە. ئەگەر سەرەتا لە ناوەڕۆكی ئاینییەوە دەستپێبكەین، بەو پێیەی كە مێژوی سەرهەڵدانی بەیت دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لەو ناوچەیەدا، بۆیە كەم بەیتی كوردیمان هەیە، كە بەجۆرێك لە جۆرەكان سێبەری ئاینی بەسەرەوە نەبێ، تەنانەت ئەو بەیتانەی كە ناوەڕۆكەكەیان قارەمانیەتی، یان ئەڤینداریيە. جا چ بە شێوەی سود وەرگرتن لە دەقی ئاینی و هێنانی ناوی خواو پێغەمبەر و كەسایەتی ئاینی، مزگەوت، قورئان، پێشناوی دینی، وەكو حاجی، شێخ، سەید و مەلا و...، پەیڕەویكردن لە ئەحكام و ئەخلاقیاتی ئاینی. تەنانەت یەكێك لە تایبەتمەندییە دیارەكانی بەشێكی زۆری بەیتی كوردی ئەوەیە، كە بەناوی خواو پێغەمبەر و مەدەد و هانابردن بۆ سیفاتە باڵاكانی خالق دەستپێدەكات، بۆنموونە لە بەیتی(شێخی سەنعاندا) كە ناوەڕۆكەكەی بابەتی دڵداری ئاینییە، بەو جۆرە دەستپێدەكات:

بیسمیللا هێز ڕەحمانی
بەهیدایەتی سوبحانی
هیممەتی غەوسی گەیلانی
چی كرد لە شێخەكەی سەنعانی (قازی، ٢٠٠٧، ٨).

یان لە بەیتی (شیرین و فەرهاد)دا هاتووە: (بەناوی خودای بێ شەریك و تاك، سانعی خەڵق و زەمین و ئەفلاك، بێكەس، بێ شەریك، بێ جێگە و مەكان، ڕازقی موتڵەق، ڕەحەت فراوان).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

لەلایەکی دیکەوە، بەو پێیەی کە ڕووداوی بەیت، هەڵهێنجراوی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی سەرەتایی و دەرەبەگی کوردییە، بۆیە بەیتی کوردی کێڵگەیەکی بەپیتی ڕەنگدانەوەی لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو: داب و نەریتی ناوچەیی، هەژاری، بەزۆر بەشودانی کچ، فرۆفێڵ، ستەم و زۆرداری و جیاوازی چینایەتی و... هتد. بۆنموونە هەروەك لە بەیتەکانی (زەمبیلفرۆش، ناسر و ماڵ ماڵ، خەج و سیامەند، شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی... )دا بەرجەستە دەبێ.

**بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی ئاینی و کۆمەڵایەتی لە بەیتی( شێخ فەرخ و خاتون ئەستی)دا**

**تەوەرەی یەکەم: چەند سەرنجێك دەربارەی بەیتەکە**

**٢-١-١ شوێنی جوگرافی و ڕوخساری بەیتەکە**

ڕووداوی خۆشەویستی شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی، ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە لە بەرگی دەقێکی ئەدەبی فۆلکلۆریدا، کە هەر لە کۆنەوە لەسەر زاری خەڵکی پشدەر بەتایبەتی، وە ناوچە جیاجیاکانی کوردەوارییە، لە کۆڕ و مەجلیساندا دەگێڕدرێتەوە و (شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی) وەکو دوو ڕەمزی ئەڤینی بەناوبانگن. ڕووداوی بەیتەکە لە ئاوایی (داودییە)ی ناوچەی پشدەر ڕویداوە. ئەوەش بەپێی ئەو زاراوەیەی کە پێی گێڕدراوەتەوە، وە ناوی ئەو شوێن و کەسایەتیانەی کە لە دەقەکەدا هاتوون لەوانە (شەتی مرادان، شەتی داودییە، ئاوەدانی داودییە)، وەهەروەها ناوی چەندین کەسایەتی سەرەکی و لاوەکی، وەك شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی، کە کەسایەتی سەرەکین، وە ناوەکانی: (نازێ، نازدار، مامادی، مام غەلیفە، وسوئاغا...) کە هەموو ئەو ناوانە تا ئێستاش لەناوچەی پشدەردا بەکارهێنانی بەربڵاویان هەیە. جگە لەوە، بوونی مەزارگەیەکی بەناوبانگ بەناوی (مەزاری شێخ فەرخ) و بوونی کانییەك بەناوی (کانی ئەستی) لە گوندی داودییەی ڕۆژهەڵاتی شاری قەڵادزێ، کە هەر لەکۆنەوە ئەڤینداران بۆ ڕاز و نیازی دڵداری سەردانی دەکەن. ڕووداوی بەیتەکە بەجۆرێك لە خەیاڵ و بیروباوەڕی خەڵکی ناوچەکەدا چەسپاوە کە زیادەڕەوی زۆری تێدا دەکرێ، وەك ئەوەی کە دەڵێن (ئەو دوعایانەی کە شێخ فەرخ کردوونی تا ئێستاش کاریان ماوە، یان ئەوەی کە شێخ فەرخ وەلییەکی خودایەو کەرامەتدارە... هتد). بەگشتی ناوەڕۆکی بەیتەکە بریتییە لە چیرۆکێکی خۆشەویستی لەنێوان هەردوو کارەکتەری سەرەکی (شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی)، کە بە شێوەیەکی تراژیدی کۆتایی دێ. چیرۆکەکە ئاوێزانە بە چەندین ڕووداوی سەیرو سەمەرە، کە خەیاڵی بەیتبێژ دروستیکردوون. لەوانە: شێخ فەرخ هەر لەکاتی لەدایکبونیەوە کەشف و کەرامات و موعجیزەی پێغەمبەرانەی نواندووە وەك عیسا قسە دەکات، هەرکەسێك بە بەربەست بزانێ لەبەردەم گەیشتن بە خۆشەویستەکەی(ئەستی)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دوعای لێدەکات و دوعاشی گیرا دەبێ، وە زۆر بابەتی سەیر و سەمەرەی تر، هەربۆیە هێمن لە پێشەکی کتێبی (توحفەی موزەفەرییە)دا دەربارەی ڕوخساری ئەو بەیتە، بەو شێوەیە سەرسامی خۆی دەدەبڕێ(ئەم بەرهەمە بۆ من، تەنها لەبارەی شێعرو زمانەوە جێگەی سەرنجڕاکێشان نییە، بەڵکە لەباری داڕشتنی چیرۆکە. ئەم بەیتە لە کۆمەڵێك چیرۆکی جۆربەجۆر پێکهاتووە، کە تێکەڵکراون و پێکەوە جۆش دراون و ئەم چیرۆکە سەیرو سەمەرەیەیان لێ پەیدابووە. من زۆرم چیرۆك بیستوون و کەمیشم نەخوێندوونەوە، تا ئێستا چیرۆکی وام نەبیستووەو نەخوێندۆتەوە کە ئەوەندەی لق و پۆپ لێ بێتەوەو ئەوەندەی ڕووداوی سەیر تێدابێ(موکریانی، ٢٠٠٤، ٧٣). ئەوسەرنجەی ناوبراو لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە هەرچەند پێکهاتەی ڕووداوی بەیتەکە وەك شێوەی باوی بەیتی کوردی لەسەرەتایەکی سادەو بە لەدایکبوونی پاڵەوان(شێخ فەرخ)دەستپێدەکات، بەشێوەیەکی ئاسۆیی بەردەوامدەبێت تا دەگاتە ئەنجام. بەڵام لەدرێژەی گێڕانەوەدا، ڕەگەزی دیکەی تێکەڵ دەبن و تایبەتمەندی ئەفسانە و حیکایەت و داستان لەخۆدەگرێ (لە هەندێ ڕووەوە لە حیکایەتەوە نزیکە، وەك حیکایەت گوزارشت لە دەربڕینی بیرۆکەیەکی زۆر کۆن و سادەو ساکاری بەرهەمی بەرکەوتنی شارستانیەتێك دەکات، لە هەندێ ڕوی تریشەوە لە کەرستەکانی ئەفسانە بێبەش نییە و لەگەڵ خەیاڵ و دژە لۆژیکدا، لە چەند شوێنێکدا لەگەڵ ئەفسانەدا یەکدەگرێتەوە. لەگەڵ هەندێ ڕەگەزی چیرۆك و داستانیشدا یەکدەگرێتەوە، کە ئەویش وەك چیرۆك و داستان، لە ڕووداوە مێژووییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، ژیانی ڕاستەقینەی کەسێك، یان قارەمانێك، یان فەرمانڕەوایەتییەك دەگێڕنەوە کە لە مێژوودا هەبووە(تۆفیق، ٢٠١٣، ١٨). بۆیە بەیتەکە لە هەریەك لەو ڕەهەندانەوە شایانی تێڕامان و توێژینەوەی سەربەخۆیە.

لەبارەی شێوازی گێڕانەوەوە، بەیتبێژ(زیاتر مەبەست لە تێکستەکەی (ئۆسکارمان)ە، کە لە ڕەحمان بەکرەوە وەریگرتوە) لە گێڕانەوەی بەیەتەکەدا، بەشێوازی قسەکردن دەستپێدەکات کە باسی لەدایکبوونی شێخ فەرخ دەکات، دواتر دێتە سەر شیعر، شیعری سادەو ڕەوان، بەتام و خوێ و تەڕ و پاراو، لەسەر کێشی خۆمانەی کۆنی کوردی، جاریوایە نیوە شیعرەکانی تەواوێك درێژن و جاری واشە زۆر کورتن، بەڵام لە هەموو حاڵێکدا کێش و مۆسیقا پارێزراوە. قافیەی زۆر بە گرنگ گرتووە، شیعری بێ قافیەی تێدا نابینی، بەڵام قاعیدەیەکی ڕێك و پێکی نییە. جاریوایە زۆر لەسەر قافیەیەك ڕۆیشتووە، جاریوایە هەر تاقە دوو نیوە شیعر لەسەر یەك قافیەن(هێمن، ٢٠٠٦، ٧٣).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## ٢-١-٢ مێژووی ڕووداني ڕووداوی بەیتەکە

سەبارەت بە مێژووی ڕوداني ئەو چیرۆکی خۆشەویستییە، ئەگەرچی لە تێکستەکەدا هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بەدی ناکرێ کە باس لە سەردەمی ڕوداني ئەو چیرۆکە و دارشتني لە قالبی بەیتدا بکات، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ هەندێ سەرەداوی ناودەقەکە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە مێژوی ئەو بەرهەمە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە کوردستان و ناوچەی پشدەر، چونکە لە تێکستەکاندا ئاماژە بە چەندین ئایەت و ناوو دەستەواژە دەکرێت، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بە بیروباوەڕ و ئەدەبیاتی ئاینی ئیسلامەوە هەیە، لە سەردەمی ئیسلامیشدا دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دەستەڵاتداریتی عوسمانیەکان و بەدیاریکراوی، سەردەمی فەرمانڕەوایی (سوڵتان سلێماني قانووني(١٤٩٤ – ١٥٦٦)، ئەوەش سەرەڕای ئەوەی کە نەخشی کێلی سەر گۆڕی ئەو دوو عاشقە، شێوازی عوسمانین. جگە لەوە، بە پشت بەستن بە خودی تێکستەکە و هێناني ناوی ئەستەمبۆڵ و سوڵتان( سبحەینێ جواب دە گەرمێنێ بگەڕێ لە ئەستەمبۆڵێ ببێ بڵاوە، سوڵتان پێ بزانێ پاکمان دەخنکێنێ تەخت و تاراجمان دەکا تەواوە...) لەوەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مێژوی ئەو بەیتە لەو کاتەدا بووە، کە ئەستەمبۆڵ پایتەختی حوکمڕاني عوسمانیەکان بووە، ئاشکرایە کە ئەو سەردەمەش بۆ ناوەڕاستی سەدەی پازدە ١٤٥٣ دەگەڕێتەوە، چونکە پێش ئەو ساڵە، پایتەخت لە (ئەدەرنە)بووە. لەلایەکی دیکەوە ناوەڕۆکی ڕوداوەکاني ناو ئەو بەیتە زۆر لەگەڵ سەردەمی دەستەڵاتداریتی سوڵتان سلێماني قانونیدا دێتەوە(هەمان سەرچاوە، ٤٣). ئەو لایەنەش بۆخۆی بابەتی توێژینەوەیەکی سەربەخۆیە، کە ئەوەش ئەوەمان پێدەڵێت کە دەکرێ لەڕێگەی تێکستە ئەدەبیەکانەوە زۆر قۆناغی ون و نادیاری مێژوی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان بخەینەڕوو.

## ٢-٢-٣ تێکستە چاپکراوەکان و گێڕەرەواني بەیتەکە

سەبارەت بە دەقە چاپکراوەکان و گێڕانەوەکاني ئەو بەسەرهاتە، تا ئێستا بە چەندین شێوەو دارشتني جیاواز گێڕدراوەتەوەو نوسراوەتەوە، لە بەرامبەریەکراگرتني هەموو گێڕانەوەکاندا، ئەگەرچی جیاوازییان بەدی دەکرێت لەڕووی ناوی شوێن و کەسایەتیەکان، بەڵام بەگشتی ناوەڕۆکیان یەکە. ئەو بەیتبێژانەی کە ئەو بەیتەیان گوتۆتەوەو دەقە چاپکراوەکاني بریتین لە:

١- ( ڕەحمان بەکر) کە کۆنترین دەقی چاپکراوی بەیتەکە، ئۆسکارمان لەساڵی (١٩٠٤)دا لەسەر زاری ئەوەوە وەریگرتوەو لە کتێبێکدا بەناوی توحفەی موزەفەرییە لەچاپیداوە.

٢- (سەلیم بایز بێگەلاسی) لەساڵی ١٩٦٤ لەشاری قەڵادزێ، لەسەر کاسێتی دەنگی تۆماری کردووە. زیاد محمد ئەمین، لەوەوە بەیتەکەی وەرگرتوەو لەژێر ناونیشاني(



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

مامان برازا بزرکرد، خالآن خوارزا مەزن کرد) لەچاپیداوە.

٣- قادر فتاحی قازی لە کتێبی (گەنجینەی بەیتی کوردی)کە کۆمەڵێك بەیتی کۆکردۆتەوە، لەوانەش بەیتی (شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی)، لەپەراوێزدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە (مام ئەحمەد) ناوێکەوە وەریگرتووە.

٤- وە هەر لە ناوچەی موکریاندا هەریەك لە (مەحمود گەناوی، علی کشمیلی مامەش) ئەو بەیتەیان گێڕاوەتەوە. کە هەموو ئەو گێڕانەوانە بە زاراوەی ناوچەی پشدەرن، شایانی باسە، بەیتەکە سنوری موکریانی تێپەڕاندووەو لەناوچەی کرمانجی ژوروشدا چەند تێکستێکی بەیتەکە لەبەر دەستدان. لەوانە:

٥- ستی و فەرخ، ئەمینێ ئوسمان، چاپخانا خەبات، دهۆك، ٢٠٠٢. کە لە ساڵی ١٩٦٩، لە (حەیدەر باجلوری)ەوە وەریگرتووە.

٦- هەر سترانەکێ چیرۆکەك ژ دەڤەرێن شنگال و شێخان، بەرهەڤکرن، داود مراد خەتاری، چاپخانا ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، کە لە باوکیەوە (مرادوێ خوێدە عەیشێ) لە ساڵی ١٩٨٩، لە گوندی خەتارێ وەریگرتووە.

٧- ژ فۆلکلۆرێ کوردی، صادق بهاءدین ئامێدی، ئاراس، چاپخانا وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٢، کە لە (سعیدێ پیرویێ)ی وەرگرتووە، ڕۆژا ١٢-٨-١٩٧٢ هاتیە تۆمارکرن.

**تەوەرەی دووەم: ئاماژەکانی ڕەهەندی ئاینی لە بەیتەکەدا**

هەروەك پێشتر باسکرا ، کە بەهۆی بوونی چەندین ئاماژەی ئاینی، بەڕوونی دەتوانین مێژوی بەیتی کوردی بگەڕێنینەوە بۆ قۆناغی دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لەو ناوچەیەدا. لەو ڕوانگەیەوە، ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەڕۆکی بەیتی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی، بۆمان دەردەکەوێت کە بەدرێژایی گێڕانەوەی بەیتەکە، چەندین هێماو ئاماژەی تێدان، کە بە ئاشکرا دەتوانین بیانبەستینەوە بە خوڕەشت و ئادابی ئیسلامی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، وە چیرۆکەکانی دەقی قورئانەوە، کە ئەوەش بەڵگەیە لەسەر پەیوەندی و کاریگەری قورئان لەسەر تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ناو ئەو تێکستە ئەدەبییە. لە خوارەوە بەپێی دەرفەتی توێژینەوەکە، بە پشتبەستن بە دەقی بەیتەکە، ئاماژە بە هەندێك لەو کاریگەری و پەیوەندییانە دەکەین.

**فەزای گشتی ڕووداوەکە و هێما ئاینیەکان تێیدا**

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە ڕووداوی بەیتەکە وەك یەکەیەکی گشتگیر، زۆرترین جار هێنانی ناوی خوا( لە هیچ بەیتێکی دیکەی فۆلکلۆری کوردیدا، ئەوەندە ناوی خوا نەهاتووەو هانای بۆ نەبراوە)، سیفەتەکانی خوا. هەروەها ناوی پێغەمبەر و بەهەشت و دۆزەخ، شەیتان، ڕموزن، دوعاو پاڕانەوە، کەعبە، ڕۆژوو، مانگی ڕەمەزان، دەستنوێژ، حیکمەت و دانایی، ڕەچاوکردنی ئەخلاقیاتی ئاینی...هتد، هەموو ئەو هێمایانە ئەوەمان پێدەڵێن، کە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڕاستە مۆتیفی سەرەکی بەیتەکە، بابەتی خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕێکە، کە بە تراژیدیا کۆتایی دێت، بەڵام لە سەرەتاوە تا کۆتایی، داینەمۆی چەرخاندن و هەڵسوڕانی ڕووداوەکان، لە ئاینەوە سەرچاوەدەگرن، واتە هیچ بەشێکی ئەو بەیتە نییە کە نەتوانی بیبەستیەوە بە چیرۆکی ژیانی پێغەمبەرێکەوە، هەربۆیە ئێستاش لە دیدی بەشێك لە خەڵکی ناوچەی پشدەردا(شێخ فەرخ وەلییەکی عاشقە، کەرامەتدارە، ئاگای لە هەموو شتێکە، هەر ژنێك سکپڕبێ، بچێتە سەر ئارامگەکەی کە منداڵی بوو، نیشانەی پێوەدەبێ)(هێمن، ٢٠٠٦، ١٢٠).

**نواندنی موعجیزەو کەشف و کارامات**

ڕووداوی بەیتەکە بە لەدایکبوونی پاڵەوانی سەرەکی(شێخ فەرخ)دەستپێدەکات، کە بەگوێرەی گێڕانەوەی بەیتبێژ، بەشێوەیەکی نائاسایی لەدایکدەبێت، ئەویش بەوەی، شێخ فەرخ پێش ئەوەش کە لەدایکببێت، هەر لە زگی دایکیدا، هەم توانای قسەکردنی هەیە و باس لە قۆناغەکانی گەشەی خۆی دەکات لە نۆ مانگی سکپڕی دایکیدا، پێش ئەوەی بێتە دونیاوە، هەم ئاگای لە هەموو گۆڕانکاریەکانی جیهانی دەرەوە هەیە. دیارە ئەو بەهرەو توانستەش بە ویست و قودرەتی خواوە گرێدەدات، بۆیە لەهەموو ئەو قۆناغانەدا سوپاس و ستایشی خوا دەکات، ئەوەش دەمانباتەوە سەر چیرۆکی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسای مەسیح. کە چۆن موعجیزەی نواندووەو بەویستی خوا، هەر بە مەلۆتکەیی قسەی کردووە. بەوەش دەوروبەرەکەی توشی سەرسوڕمان کردووەو لەبەری هەڵهاتوون، بەهەمان شێوە شیخ فەرخیش هەمان موعجیزەی نواندووە و بگرە زیاتریش، چونکە ئەو، بەر لە لەدایکبوونی، قسەی کردووەو هەر لە زگی دایکیەوە عەشقی خاتوو ئەستی دەچێتە دڵەوە، ئەوەش دەوروبەرکەی تاساندووە و بە ڕموزن و شەیتانیان لەقەڵەم داوە( شیخ فەرخ دەزگی داکیدا بانگ دەکا دەڵێ:

ئیلاهیا، فەرخم لێدەبوو بەیەکە
شوکرانەم بەتوو ئەی فەلەکە
خەڵقەتی دەکردن دەست و چاو و پێ و بەلەکە
مەخسود و مرادم هەرتك چاوی بەڵەکە...)(٣١١).
(...ئەو ژنە وەزیرو وەکیلە بەدزی دەکەن قسانە
دەڵێ: ئەوە یان ڕموزنە، یانە شەیتانە...)(٣١٢)

جیاوازی ئەو دوو چیرۆکە لەوەدایە( عیسا کە بەساوایی قسەیکرد بۆ پاکانەکردن لە دایکی بوو، قسەکانی باش و خێر بوون، بەو موعجیزەیە مریەمی بوختانپێکراوی کردە ژنێکی پاکی مێژوویی. بەڵام فەرخ، زمانی بە باش و خێر نەگەڕا،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جگە لەوەی هەڕەشەی پێ لە خەڵك كرد، بەو زمانە تەڕ و پاراوە، تووك و نزای لە دایك و باوكە بەستەزمانەكانی خۆی كردو كوشتنی). ئەمەو ئەگەر ئەو بەیتە لەگەڵ ئینجیلدا مەتنی (لۆقا)دا بەراورد بكرێ، لە زۆر ڕووەوە لەیەكدەچن.

ئەگەر لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەكانیدا بڕۆین، لە زۆر جێگای دیكەدا، شیخ چەندان موعجیزەی تر دەنوێنێ، كە سەرچاوەی هەموویان بەجۆرێك لەجۆرەكان پەیوەندییان بە چیرۆكی پێغەمبەرانەوە هەیە و زۆرجار موعجیزەكانی شێخ، پێغەمبەرانیش تێدەپەڕێنێ. ئەوەتا، ئەگەر عیسا بە ئیزنی خوا مردوو زیندوو دەكاتەوە، ئەوا فەرخ دەتوانێ لەڕێگای دوعاوە، دەست و پێی نەیارەكانی نەیارەكانی ڕەق بكات، تەنانەت وەك سوكایەتی، بیانكات بە ئاژەڵ. هەروەك ڕقی لە ئامۆژنی هەڵدەستێ، جارێك دەیكا بە بەرد، دواتر دەیكات بە دێڵەسەگ ودواجار لەسەر خواستی خاتوو ئەستی، دەیكاتەوە بە مرۆڤ.

فەرخ لە خوڵاوەندی عالەمیان دەپاڕاوە
ئەگەر شوێكی لە دایكی خاتوون ئەستی داوە
بوو بە بەردێكی شین، ڕەنگی مەخلوقی نەماوە
ئەگەر شوێكی لێدا، بووبە دێڵە سەیێكی ڕەش ئەو بەستەزمانە

فەرخۆڵە گوتی: لێیگەڕێ، ئەوە فەسادە شاری داودییەی تێكداوە
خاتوون ئەستی دەڵێ: ئەگەر دایكم چاك نەبێتەوە، ئەمن كوێرم دەبێ هەرتك چاوە
ئەگەر چووینەوە بابم ناڵێ بۆ دایكت بۆ نەهێناوە؟
فەرخ هاواری دەكا، ئەی خوڵای یەزدانە
ئەوجار بۆ خاتری من بێتە زوبانە (٣٥٣)

فەرخ كەس ناتوانێ زەفەری پێبەرێت. كاتێك (شێخاڵ)ی شوان دەیەوێ شێخ فەرخ بكوژێ، لەناكاو دەست و پێی ڕەق دەبن و تا شێخ فریای نەكەوێ چاك نابێتەوە:
شێخاڵ گوتی: فەرخی دەكوژم ئەوجارە
دەستی ڕەق دەبوو، پێی نەیدەكرد كارە (٣٤٧)

یەكێكی دیكە لە تایبەتمەندییەكانی شێخ فەرخ(كە پێدەچێ كە چیرۆكی پێغەمبەر سلێمانەوە ورگیرابێ)ئەوەیە كە بە ویستی خوا، لە زمانی گیانلەوەر و باڵندان تێدەگا و قسەیان لەگەڵدا دەكات و ئەركیان پێ دەسپێرێ:كاتێك كە دەست و قاچی شێخاڵی شوان ڕق دەكات، هەر بەوە لێی خۆشنابێ، بەڵكو دەیەوێ زەرەر لە ڕانەمەڕەكەی بدات و بانگی گورگان دەكات كە بێن و مەڕیان پێبدات:


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

فەرخ بانگ دەکات (گورگ) ئەی جووتە گورگی دە کەنعانێ
به ڕەزای خولای عاسمانێ
وەرن لە مەڕی من ببژێرن، بەرن بیکەن بە کەباب، ئەوە لە جیاتی زەکاتێم دانێ(٣٤٨)

هەر ئەوەش نا، بەڵکو هاوشێوەی پێغەمبەر (سلێمان) تەنانەت دەتوانێ هێزی (با)ش بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. ئەوەتا کاتێك دەبینێ خۆشەویستەکەی (خاتوو ئەستی) بای گڕەی گەرمێن هەراسانی کردووە و گەرمایەتی و عارەقی پێدادێ، بە دوعایەك بای شەماڵ بۆ خاتوون موسەخەر دەکات:

فەرخ بانگی دەکرد( ئەی ڕەببی عالەمێ، بینای چاوانە)
حەزرەتی جوبرائیل بنێرە کن باڵولی دێرانە
شەماڵ مسخەر بکرێ، بێتە ئێرەکانە
هەراسان بووە ئەستی، کێل گەردنی هەنیە پانە
ئەگەر فەرخ لە خولای دەپاڕاوە
بە ڕەزای خولای شەماڵ مسخر کراوە(٣٥٢).

شێخ فەرخ هەر بەوەش ناوەستێ کە دەستەلاتی ئەوەی هەبێ، لەگەڵ گیاندار و باڵندەو هێزی سروستدا قسە بکات، بەڵکو پلەیەك باڵاتریش دەڕوا، ئەوجار جوبرائیل دەبێتە میوانی و گلەییەکی دۆستانەی لێدەکات کە ئەوەندە دوعای خەراپ لە کەس نەکات، چونکە دیارە هەر دووعایەك بکات ڕەت ناکرێتەوەو یەکجێ قبوڵ دەبێ
فەرخۆڵە تەمەنناى دەکرد لە خولایێ، حەزرەتی جوبرائیل دەهاتە کنی بە یەکجارەکییە
گوتی: فەرخۆڵە! جارێکی دی دوعای مەکە لە کەسی دییە
فەرخۆڵە تەمەنناى دەکرد لە جوبرائیلییە
دەیگوت تەخسیری من نەبوو، دەستی لێ هەڵنەگرتم خاتوو ئەستییە(٣٤٩)

یەکێکی دیکە لە دەرکەوتەکانی ڕەهەندی ئاینی لەو بەیتەدا، ئەوکاتە دەردەکەوێ، کە شێخ فەرخ لە ترسی ئامۆزاکانی، لە ماڵی مامی ڕادەکا و هانا بۆ ماڵی وسوئاغا دەبا، لەوێش ئیعجازێك دەنوێنێ، دیارە لە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی ڕەمەزاندا دەبێ، خەڵك لە چاوەڕوانی هاتنی جەژندان، هێشتا سێ ڕۆژی ماوە بۆ جەژن، مامی ڕایدەگەیەنێ هەرکەس مزگێنی جەژنم بۆ بێنێ، جوانو ئەسپێك و کەولێکی بە جەژنانە دەدەمێ، لێرەدا شێخ فەرخ زەمان دەگۆڕێ و جەژن سێ ڕۆژ پێشدەخات، ئیتر مانگ دەبیندرێ و ئەویش جەژنانەکەی وەردەگرێ!
وسوئاغا تەماشای مانگی مونەوەر بکە، ئەوە لە حەوت تەبەقەی ئاسمانە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

فەرخ دەڵێ: وسو ئاغا چ بکەین لەوێ ڕەمەزانێ؟
هەرچی بکەین هەرایە. بە غەیرەز شوکرانێ
بڵا مزگێنی مانگی موبارەك بدەین بە مام غەلیفەی دەپێش هەموو کەسیدا بزانێ(٣٥٧).

لەبەر سنورداری مەودای توێژینەوەکە زیاتر درێژەی پێ نادەین، دەنا لەڕاستیدا ئەو نموونانەی کە خرانەڕوو، بەشێکی کەمن لەو هێما کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەجۆرێك پەیوەندییان بە دەقی ئاینی و ژیاننامەی پێغەمبەرانەوە هەیە، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە بەیتی شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی، سەرەڕای ئەوەی کە دەچێتە خانەی بابەتی خۆشەویستیەوە، بەڵام تان وپۆی داستانەکە لە ناوەڕۆکی ئاینەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەش هێندەیتر خزمەتی بە لایەنی هونەری دەقە کردووەو بەیتبێژی زیاتر دەستکراوە کردووە، لەوەی کە بە هاوریکاری خەیاڵ، ڕووداوەکە بگەیەنێتە ئاستێکی باڵا، وە لە گێڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕیالیزمی ڕزگاریکردووە، هەر ئەو خەیاڵە بەرزەفڕەشە کە تێکستەکەی بە نەمری هێشتۆتەوە.

### تەوەرەی سێیەم: ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی

بەوپێیەی کە هەر لە زووەوە گوتراوە ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵە، بۆیە لە هەموو سەردەمێکدا تێکستە ئەدەبیەکان، ئەو ئاوێنەیە بوونە کەدەتوانین لێیانەوە وێنە وشێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕابردوانی تێدا بخوێنینەوەو ببینین. لەو ڕوانگەیەوە ئەوەی ئامانجمانە، لەو بەشەی توێژینەوەکەدا، بە سوود وەرگرتن لە تێکستی فۆلکلۆری بەیتی شێخ فەرخ و خاتوو ئەستی، دەمانەوێ ئاوڕ لە ئاداب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەی پشدەر بدەینەوە کە لەو دەقەدا بەرجەستەبوونە. وەك لە بەسەرهاتەکانی ناو دەقەکەوە دەردەکەوێت، بونیادی بیری کۆمەڵایەتی ناوچەی پشدەر لەو سەردەمەدا، ڕەنگدانەوەی بیری کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی ئاژەڵداری پێوەدیارە. بۆ ئەوەش چەندین ئاماژەی ڕوون هەن، وەك: (ئاماژەدان بە تەویلەی ئێستر و بارگین، کوێستان و گەرمێن، مەڕداری و شوانیکردن، مەشکە و بێر کردن و ...هتد.). هەروەك هێمنی موکریانی لەو پێشەکیەدا کە بۆ کتێبی توحفەی موزەفەریەی ئۆسکارمانی نووسیوە، ئاماژەی بۆدەکات، کە لە بەیتی شێخ فەرخ و خاتوو ئەستیدا بەیتبێژ زۆر باری ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواریمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو ڕێوشوێنە تایبەتییە باش و دزێوانەمان نیشان دەدا،کە ئێستاش ماون و بەتایبەتی لە لادێدا کەمیان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ئەگەر ژنێك زا، چۆن ژنانی ئاوەدانی لێی کۆدەبنەوە، ئەگەر کوڕی بوو چۆن مزگێنی بۆ باوك و کەس و کاری دەبەن، چۆن ڕووژوری دەکەنەوە، نێوکی دەبڕن و دەیهاوێنە سەر بێژینگ تا حەوتووی دەچێ، ژنی زەیستان چۆن دەکەوێ و مەلۆتکەی لە تەنیشت دادەنێن، بۆ ئەوەی شەوە منداڵەکە نەخنکێنێ، قورئان و دوعای


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەسەر دەخوێنن، یا هێچ نەبێ قورئانێکی لە پشت سەری دادەنێن، پاش ئەوەی کە حەوتووی چوو، دایك خۆی دەشواو جلی تازە لەبەر دەکا و منداڵ دەخرێتە سەر پشتی لانکە. دوای ئەوە باسی مردن شوشتن و ناشتن و سەرەخۆشی و لە مزگەوت کۆبوونەوەمان بۆ دەکات. ئێستاش بەگوێرەی ڕووداوەکانی ناو بەیتەکە، باس لە هەریەك لەو داب و نەریتانە دەکەین کە بەیتبێژ بۆمان دەگێڕێتەوە.

هەر لەگەڵ لەدایکبوونی شێخ فەرخدا و ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەگیرێنەبەر، ڕوبەڕوی چەند نەریتێکی باوی کۆمەڵگەی ئەوکات دەبینەوە، وەك کۆبوونەوەی پیرەژن و مامان، لەسەر دەست دانان، نێوك بڕین ، خستنە سەر بێژینگ، ئێشکگرتن لە منداڵی تازە لەدایکبوو و کلتوری مزگێنیدان).

فەرخیان ڕادەگرت لەسەر هەرتك دەستانە
نێوکی فەرخیان دەبڕی بە کلیخی دەبانە
توندیان دەپێچاوە بەدەستانە
لەسەر بنی بێژینگێیان دادەنا، بۆیان دەکرد چراخانە
ئەو پیرەژن و مامانچی و سەرسپییە
هێندێك کێشکچی بن، هێندێك بەرن مزگێنییە
زۆرو دەدەنێ کەم نییە (٣١٢)

لەلایەکی دیکەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە لەو سەردەمەدا میکانزمی سزادان چۆن بووە بۆ کەسانەی دزی، یان هەر کارێکی نەشیاویان کردوە، بەپێی بەیتەکە، کەسی تاوانبار سەری تاشراوە و سواری گوێدرێژێك کراوە بەناو شاردا گێڕاویانە و دواتر شاربەدەر کراوە:

هەرکەس پوڵێکی بدزێ، بەحەقی ئەو خولایەی ڕەبییە
سەری دەتاشم، سواری کەرێی دەکەم، بیروونی دەکەم لەشاری داودییە(٧٦).

جۆرێکی دیکەی سزادان ئەوە بووە کە بۆ ماوەیەك فڕێدراوەتە ناو تەویلەی وڵاخان، هەروەك لە بەیتەکەدا، دوای لەدایکبوونە نائاساییەکەی شێخ فەرخ، مام غەلیفە بۆ شاردنەوەی ئەو ڕووداوە، داوا دەکات کە فڕێی بدەنە ناو تەویلەی وڵاخان تا وەبەر پێیان بکەوێ و بمرێ:

ئەنگۆ ئەوەی بدزن لە سەید و مەلایان تەواوە
فڕێیدەنە تەویلەی کەڵ و کامێشان، ئێستران پێی لێ دەنێن دەیکەن بلاوە
سبحەینێ دەگەڵ ڕیخێ دەیرێژن....(٣١٥)

یەکێکی دیکە لە دەرکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو بەیتە، بابەتی تەبایی و پتەوی برایەتی نێوان (مام غەلیفە و مامادینە) کە مام غەلیفە باوکی خاتوو ئەستییە و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

براگەورەی مامادینی باوکی شێخ فەرخە، دوای ئەوەی کە سەرەتا مام غەلیفە مزگێنی لەدایکبوونی فەرخ دەبیستێ، بەتایبەتی کە لە ڕەگەزی نێرە، زۆر شوکری خوادەکات، مامادینیش کاتێ هەواڵەکە دەبیستێ، پێیان دەڵێ بڕۆن داوای مۆزدانە لە مام غەلیفەی بکەن کە براگەورەیەو گەورەی شارییە

ئەگەر مام غەلیفە ئەو قسەی دەبیست تەواوە
شوکرانەی دەبژارد، سەڵاواتی لێدەداوە
مزگێنییان دا بە مامادی بەیەکجاری
دەڵێ یاڕەببی زۆر شوکر بە گەورەیی جەبباری
بابە چو لەمن دەوێ هۆوەتا مام غەلیفەی گەورەی شاری(٣١٤)

هەر لەدوای ئەوە ڕوبەڕوی گریمانەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە دەبینەوە، کە هەر لە کۆنەوە ڕیشەی لەناو کورددا کوتاوە، تەنانەت بووەتە هەوێنی پەندی پێشینان، ئەویش ململانێی نێوان ئەندامانی خێزانە لەسەر دەستەڵات، بەتایبەتی مام و برازا، لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەو دووانە داونویان پێکەوە ناکوڵێ(مامان برازا بزر کرد، خاڵان خوارزا مەزن کرد). ئەو حاڵەتەش لە چەندین شوێنی بەیتەکەدا ڕەنگیداوەتەوە، هەروەك شێخ فەرخ گلەیی لە دایکی دەکات کە نەدەبوو متمانە بە مامی بکرێ:

فەرخ بانگ دەکا: دایەگیان، وای گیانە
چلۆنت بەرەڵڵا کردم بەهیوای کێشکچیانە
نۆ مانگ و نۆ ڕۆژان هەڵتگرتم بە بەرو پشتانە
هیچ برازا نابێ بە مامی بکا متمانە(٣١٥)

ئینجا دێتە سەر باسی بابەتێکی دیکە، کە تا ئێستاش لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا برەوی هەیە، ئەویش پاش حەوتوێك منداڵ خستنە سەر لانك و پاکبوونەوەی دایك و شیوکردن و ...هتد.

(پاش حەوتوێکی دایکی شیوی کرد، گوتی نیوەڕۆیە هەڵمستێنن نوێژان دەکەم، تەدارەکی بۆ فەرخی گرتبوو، لانکی بۆ دروستکردبوو، گوتی ئینشاڵڵا بۆ شەوێ کوڕی داوێمە سەر لانکێ...)(٣١٦)

لایەنێکی دیکە، ڕێوڕەسمی مردوو ناشتن و تازیەو کۆبوونەوەی خەڵك لە مزگەوت و نانخوارن لە مزگەوت، کە ئێستاش لە هەندێ گوندی ناوچەی پشدەرئەو نەریتە درێژەی هەیە:

ئەوێ شەوێ ڕۆژ بوو ئاوا
دایکی فەرخۆڵەی تەسلیم نەکراوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەتا سبحەینێ تەمیز شۆراوە

خەڵاتیان دەبەر دەکرد، بۆ گۆڕخانان هەڵگیراوە

تەسلیم بە خاکیان کرد، مەخلوق گەڕاوە

هاتن لە مزگەوتێ ڕۆنیشتن کەیخودا و پیاوماقوڵ، سەرەخۆشی لە مام غەلیفە ، مامادی کراوە

خڕبوونەوە هەموو موسڵمانە

هەموو لە ماڵێ خۆ دەیانهێنا نانە(٣١٨)

یەکێکی دیکە لەو تایبەتمەندییانەی کە هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش خەڵکی دەڤەری پشدەری پێ دەناسرێتەوە و لە چەندین شوێنی بەیتەکەدا بە زەقی دەبیندرێ، بابەتی لوتف و نان بدەیی و میواندۆستیە. ئەوەتا (نازدار) هەرچەند کچیشە بەڵام کاتێ یەکەمجار چاوی بە(شێخاڵ) دەکەوێ، بەو جۆرە خولقی دەکات و فەرمووی ماڵەوەی دەکات:

نازدار هاتە دەرێ، هات، ماندوونەبوونی شێخاڵی کرد، گوتی مامە ماندوو نەبی، بەخێربێی سەر ئەو دوو چاوە، بۆ کوێ دەچی، بۆ لێرە ڕۆنیشتووی؟ هەستە بچۆ مەنزڵی بابم دیوان گیراوە...ئەدی برسیت نییە بۆ بێنم نانییە؟)(٣٢٢)

مەسەلەی چینایەتی، لایەنێکی دیکەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە لە بەیتەکەدا، بۆنموونە کاتێ کەسایەتی (شێخاڵە کەچەڵ)کە شەرتی خۆی دەباتەسەر و ماوەی چل شەو شوانی ماڵی مام غەلیفە دەکات، بەو هیوایەی کە لە بەرامبەردا خاتوو ئەستی پێبدەن، مام غەلیفە ڕەچاوی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی دەکات کە میری شاری داودیەیە، شێخاڵ لە ئاستی خۆیاندا نابینێ و ئامادەیە لە پای ئەو شوانیەدا سەروەت پارەی پێبدات، نەوەکو ئەوەی کچەکەی لێ مارە بکات:

دەیانگوت قوربان شوانەکە دەڕوا، مەڕەکەن بێ ساحێب ماوە

دەیگوت شوانەکە چیلێهات گەلەکی بدەنێ ماڵ و دراوە

بچێتە بەر مەڕی خۆی ئەو شێخاڵە کەچەڵە تەواوە

گوتیان قوربان نایەوێ ماڵ و دراوە

گوتی ئەدی دەڵێ چی؟ دەڵێ: خاتوو ئەستیم دەوێ، کێل گەردن و بەلەك چاوە

میر دەڵێ ڕۆڵە یاخوا لەمنو نەکەوێ

قەت کچی من ڕە شێخاڵە کەچەڵی دەکەوێ(٣٢٩)

هەروەها یەکێکی دیکە لە دەرکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی بەیتەکە، بریتییە لە بابەتی داڵدەدانی خەڵك، کە تائێستاش لە دەڤەری پشدەردا هەرباوە، بۆنموونە کاتێ کەسێك بەهەر هۆکارێك لەترسی لایەنی بەرامبەر هانا بۆ ماڵی یەکێکی دی دەبا و خۆی دە ماڵێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

داویَ، کەسی خاوەن ماڵ بەهەمـوو شـێوەیەك ئامادە بەرگری لێبکات، تەنانەت ئەگەر سەروماڵی خۆشی لەپێناودا دانێت، چونکە لە کلتوری ئەو ناوچەیەدا عەبیە و نەنگییە کاتێ یەکێك هانات بۆ بێنێ و تۆش بیدەیە بەر دەستی ئەو لایەنەی کە بەدوای کەسی داڵدەدراوەوەن. ئەوەتا لە بەیتەکەدا کاتێ شێخ فەرخ لە ماڵی مامی ڕا دەکات و لەترسی ئامۆزاکانی هانا بۆ ماڵێ وسوئاغا دەبا، وە ئامۆزاکانی دەچنە سەر ماڵی وسوئاغا بۆ ئەوەی فەرخی دەستگیر بکەن، وەك نەریتێکی کۆنی کورد بەگشتی و ناوچەی پشدەر بەتایبەتی، برگری لە فەرخ دەکات و نەك هەر خۆی بە هەموو خزم و کەسوکاریەوە ئامادەیە شێخ بپارێزێ، چونکە ئەوە پەیوەندی بە ئابڕوی بنەماڵەوە هەیە، بۆیە هەڵوێستێکی لەو جۆرە دەنوێنێ:

کوڕی مام غەلیفەی دەنگی لەشکریان دا، هاتن لەولاوە

ئەگەر وسوئاغا وادەزانێ زرێی دەبەر دەکرد مەتاڵی دە دەستی هەڵدەکێشاوە

خزمی خۆی هەموو بانگ دەکرد، لەپێش کوڕی دە مام غەلیفەی ڕاوەستاوە

سوێندی بە کەلامولایە خوارد( ئەگەر هاتوون فەرخی بکوژن، نایەڵم، یەك یەك سەری بچێتەوە بەدواوە)(٣٦٠)

لەلایەکی دیکەوە، کاتێك بەرژەوەندی براکانی خاتوو ئەستی بەلای شێخاڵە کەچەڵدا دەشکێتەوە، بۆ ئەوەی مەڕو ماڵاتەکەیان بێ شوان نەمێنێتەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی حەزو ویستی خاتوو ئەستی، بەزۆر ناچاری دەکەن کە شو بکات بە شێخاڵە کەچەڵ، لێرەدا بەیتبێژ دیمەنێکی دزێو و ناشیرینی ڕێوشوێنی کۆمەلایەتی کوردەواریمان نیشان دەدا، ڕێوشوێنێك کە ماکەکەی چارەڕەشی کۆمەڵە، دیلی و بێدەستەلاتی کچ و زوڵم و زۆرداری برا و ماڵپەرستی دایك و باوکمان نیشان دەدات. وەك دیارە خاتوون ئەستی ناڕازییە، کەس ئەو کارەی پێخۆش نییە، تەنانەت ماڵپەرستی و تەماح، کەسوکاری کچەکەیان ناچار کرد شو بە شێخاڵە کەچەڵ بکات. ئەوان مەڕەکەیان پێ لە کچەکەیان بەنرختر بوو)، ئەوەش نەریتێکی ناحەز و دێرینەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا:

کوڕەکان گوتیان بابم قایل بێ و قایل نەبێ، خاتوون ئەستی هەر ئی شێخاڵییە

داومانەتێ چارە نییە

حوکمیان کردە سەر خاتوون ئەستییە

دەبێ هەر مێردی بکا بە شێخاڵییە(٣٣٤)

هەر لە کۆنەوە وا باوبووە، لە هەر لادێ و ئاوەدانیەکدا، کانی و ئاوی لێبووبێ، وەکو نەریتێکی کۆنی ئەو ناوچەیە، کانی، هەم مەنزڵگای کچ و کاڵ بووە بۆ ڕاز و نیازی عاشقانە، هەم شوێنی ئاوهێنان و شیو و کوڵکردن بووە، لەبەرامبەردا کوڕو کاڵی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جحێڵ، له گوێسوانان و سەرەڕێیان و پاش ڕەمەندانددا، چاویان دەبڕیە کچان و، بەتاسەوە دەوەستان، بە ئومێدی ئاوڕێکی گەرمی کچۆڵان، جارنا جاریش بەبێ گوێدانە ڕووی تاڵ و قسەی مزری کچانی ڕێبواری کانی، چ بە ئیشارە، یان لەفزی شیرین، ئاوێکیان بە دەروونی گڕگرتویاندا کردووەو هیچ دەرفەتێکیان لەدەست نەداوە بۆ دواندن و پێداهەڵگوتنی تەرازووی ناز و لەش و لاری کچ، ئەگەرچی وەڵامی جەرگبڕیشیان وەرگرتبێت. خۆ زۆر جاریش وا ڕێکدەکەوت لەیەك کاتدا تیری کچێك بە دڵی دوو کوڕدا هەڵدەچەقی، لەوکاتەدا نەبەردی نێوانیان هەڵگیرسا، وەی لەوەی بتوانێ زووتر گرەو بەرێتەوەو خۆی بسەلمێنێ، جا ئەو وێنەو گرتەیە زۆر بەڕوونی لە بەیتی شێخ فەرخ و خاتوو ئەستیدا بەرجەستە دەبێ، وەك ئەو ململانێیەی کە لە نێوان فەرخ و وسوئاغاد ڕوودەدا لەسەر خاتو ئەستی، کە لە بەرژەوەندی شێخ فەرخدا کۆتایی دێ، ئەویش بەوەی کە شێخ ئاگاداری دەکاتەوە کە نهێنیەکی ئابڕوبەرانەی تۆم لەلایە ئەگەر دەست لە خاتوو ئەستی هەڵنەگری حەقیقەتی تۆ بەیان دەکەم(کە سەر بە تایفەی بەکرە مەرگەوەڕی) ئەویش دەزانێ ئەگەر ئەو نهێنییە ئاشکرا ببێ، ئابڕووی دەکەوێتە خەتەرەوە، بۆیە نەك هەر دەست لە ئەستیە هەڵدەگرێ، بەڵکو ئامادەیە نۆکەری بۆ شێخ بکات. لەو مەشهەدەدا هەم لایەنی ڕوو سپیەتی و داوێنپاکی خاتوو ئەستی دەردەکەوێ، هەم بابەتی ململانێی دوو عاشق(شێخ فەرخ و وسوئاغا): سەرنج بدەن ئەستی دەچێ بۆ سەر کانی و فەرخۆڵەشی لەسەر قەڵاندۆشییە، وسوئاغا دەرفەت دێنێ کە بیدوێنێ و ڕازی دڵی خۆی پێبڵێ:

وسوئاغا گوتی دەیدوێنم بە تەوەکولی خولایێ. بانگ دێڵێ، خاتوو ئەستی، خاتوو ئەستییکی نازداری، دەگەڵ شێخاڵە کەچەڵی خەساری، قەت بووە بە سەرینی شلکی تووشی ئەستۆت بووە هەتیوباری،چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ، مەمکت سێوی خوساری، دەمت بەمن بمێنێ بە فینجانی قاوەی، مەمکت بەمن بمێنێ بە گۆی لە زێڕی... ئەو هەتیوی کون بەگو، چیە بەملانی دەگێڕی؟ فەرخ گوتی ئامۆزا ئەوە بە من و تۆ دەڵێ، خاتوو ئەستی دەڵێ: گوی خوارد لە گوی بابی، سەگ دەوەڕی و کاروانیش ڕادەبری... فەرخی بانگی کرد: وسوئاغا، وسو ئاغایەکی نەڕی، دوور بەدوور دەوەڕی وەك سەگی مەڕی، ئەتو قەت تەرکی ناکەی بوختان و بەدفەڕی، ئەتو نازانی لەبنەچەکەی بەکرە مەرگەوڕی؟ وسوئاغا ئەوێ شەوێ هەتا ڕۆژ خەوی لێنەکەوت، گوتی دەبێ فەرخی ببینە دامێنی بگرم، ئەو قسەی ئاشکرا نەکا، ئابڕووم دەچێ لە دنیایە، مەگەر لێرە دانەنیشم، بچمە شاری بەسڕایە...).

هەروەك لەسەرەتاوە باسمانکرد، ئەدەب بەگشتی و ئەدەبی فۆلکلۆر بەتایبەتی، ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵایەتی ناوچە جیاجیاکانی وڵاتی کوردەوارییە، هەروەك چۆن لەسەرەوە بە شیکردنەوەی بەیتی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی، توانیمان دەست



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

درێژبکەین بۆ زۆر لایەن و بواری نەریتی کۆمەڵایەتی ناوچەی پشدەر، نەوەك هەمووی، دیارە بەیتەکە زۆر ئاڵۆز و دووورودرێژ و بەربڵاوە، کە دەکرێ لێیەوە پەردە لەسەر زۆر حەقیقەتی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و ژیاری ئەو ناوچەیە هەڵبدرێتەوە، کە لەڕاستیدا هەریەکێك لەو بوارانە لەبەیتەکەدا، بابەتی توێژینەوەی سەربەخۆن، ئێمە لێرەدا بەهۆی سنورداری بوار و مەودای تویژینەوەکە، لەسەر هەموو ئەو لایەنانە نەوەستاین، هیوادارین دەروازەیەکمان واڵاکردبێ بەمەبەستی وردبوونەوە و بەدواداچوونی زیاتر سەبارەت بەو سامانە نەتەوەییەمان.

### ئەنجامی لێکۆڵینەوە:

بەیت، بەبەراورد بە بەشەکانی دیکەی فۆلکلۆری کوردی، وەك پێویست تیشکی توێژینەوەی زانستی نەگەیشتۆتێ، هەر ئەوەشە بۆتە هۆی ئەوەی کە لەڕووی زاراوەوە سنوری دیاری نەکرێ و زۆرجار تێکەڵی بوارەکانی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ببێ.

بەیت بەپیتترین ژانری فۆلکلۆرە کە وێنەیەکی گشتگیری ژیانی کۆمەڵگەی کوردی تێدا ڕەنگدەداتەوە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە گەڕیدە بیانیەکان زیاتر لە هەموو بوارەکانی فۆلکلۆری کوردی گرنگی بە بەیت بدەن.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردستان لەو سەردەمەدا کۆمەڵگایەکی دەرەبەگی دواکەوتوو بووەو چەندین نەریتی زاڵ برەویان هەبووە و ئاستی ژیان و بیرکردنەوەی کۆمەڵگا لەوپەڕی سادەیی دابووە، کە هەموو ئەو هێمایانەش لە بەیتەکەدا ڕەنگیانداوەتەوە.

بەیتەکە بەهەردوو زاراوەی کرمانجی خوارو و سەروو، تا ئێستا شەش جار وەك تێکست نووسراوەتەوە و چاپکراوە، کە یەکەمین هەوڵ لەلایەن گەڕێدەیەکی ئەڵمانی بەناوی ئۆسکارمان، لە کتێبێکدا بەناوی (توحفەی موزەفەرییە) تۆمار کراوە.

بە بەراوردکرنی هەموو تێکستە نوسراوەکانی بەیتەکە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە سەرەڕای گۆڕانی ئەو زاراوەیەی کە پێی گێڕدراوەتەوە، ناوی هەندێك لە کەسایەتی و شوێنی ڕووداوەکان، جیاوازن، بەڵام ناوەڕۆکی هەموویان لەیەکەوە نزیکە.

بەیتەکە تۆمارێکی گرنگە کە دەتوانین لەڕێگەیەوە زۆر بواری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری و ئاینی کۆمەڵگای کوردی پێ بخوێنینەوە.

یەکێك لە سیما دیارەکانی ناوەڕۆکی بەیتەکە، ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و کلتوریی قۆناغی فیودالی ناوچەی پشدەرە، ئەوەی کە بەیتەکە بەو دەڤەرەوە دەبەستێتەوە، ئەو شێوەزارەیە کە بەیتەکەی پێ هۆندراوەتەوە، کە هەمان شێوەزاری خەڵکی ئەو ناوچەیەیە، وە ناوی کەسایەتیەکان هی ئەو ناوچەیەن، وە شوێنی ڕووداوەکان لە گوندی داودییەی سەر بە قەزای پشدەرە، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری قەڵادزێوە، کە تا ئێستاش چەندین شوێنەوار و گوزارشتی تایبەت بەو بەیتە لەو ناوچەیەدا ماون و بەچاوێکی پیرۆزەوە سەیر دەکرێن.

سەرەڕای ڕەنگدانەوەی چەندین ڕێوشوێن و داب ونەریتی بەرز و دزێوی کۆمەڵگەی کوردی لەوکاتەدا، ئاین وبیروباوەڕی ئاینی یەکێکی دیکەیە لە سیما هەرە دیارەکانی ئەو بەیتە، بەوەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

که جگه لەوەی که تایبەتمەندی و تواناکانی کەسایەتی سەرەکی ناو بەیتەکە(شێخ فەرخ) لە چیرۆکە قورئانیەکانەوە وەرگیراون، لەچاو هەموو بەیتە کوردیەکانیتر، زۆرترین جار ناوی خواو پێغەمبەر و هێماکانی ئاینی ئیسلام تێیدا ڕەنگیداوەتەوە.

## ژێدەرەکان:


### به زمانی کوردی:

- ئۆسکارمان(١٩٠٥)، توحفەی موزەفەرییە، پێشەکی و ساخکردنەوەو هێنانە سەر ڕێنوسی کوردی هێمن موکریانی، چاپی دووەم(٢٠٠٦)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- ئیلخانیزادە،سوارە(٢٠٠٠)،تاپۆ و بوومەلێڵ(کۆ بەرهەم)، چاپەمەنی پانیز، تاران.
- بەحری، محمد(٢٠٠٠)، گەنجی سەر بە مۆر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- حەمە تۆفیق، ڕێبوار(٢٠١٣)، شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- خەزنەدار، مارف(٢٠١٠)، مێژوی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- ڕەحمانی، ئەحمەد(٢٠٠٠)، دڵۆپێک لە دەریای بەرفراوانی فۆلکلۆری کوردوستانی ئێران، گۆڤاری کاروان، ژمارە:١٤٥.
- شەرەفکەندی، عەبدوڕەحمان (هەژار)(٢٠١٠)، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، چاپخانەی سروش،چاپی شەشەم، تاران.
- شارۆخ، عەزیز(٢٠٠٢)، چیرۆك و بەیتی کوردی(کۆکردنەوەو ئامادەکردن)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- عەبدوڵلا مستەفا، ئیدریس(٢٠١٤)، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری کوردی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- عەدۆ، ئەسعەد(١٩٨٣)، بەیتی ئایشەگوڵ، چاپخانەی دار افاق العربیە،بەغدا.
- فەتاحی قازی، قادر(٢٠٠٧)، گەنجینەی بەیتی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- مەحموودزادە، ڕەهبەر(١٩٨٦)، پێکهاتەی بەیتی کوردی، مرکز نشر و فرهنگ ادبیات کردی، اورمیە.
- مستەفا ڕەسوڵ، عیزەدین(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- محمد ئەمین، زیاد(٢٠٠٨)، مامان برازا بزر کرد، خاڵان خوارزا مەزن کرد(هەندێك بەیتی ناوچەی پشدەر)، چابخانەی ئاراس، هەولێر.
- موکری، کامەران( ١٩٨٤)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین. هەولێر.
- ناناوازادە، علی(٢٠١٧)، فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردی،بەرگی یەکەم، چاپخانەی(؟)، ستۆکهۆڵم.
- مرۆخ روحانی، ماجد(٢٠١٠)،فەرهەنگی دانشگاە کردستان، چاپی یەکەم، توێژینگەی کوردناسی، سنە.

### به زمانی فارسی:

- سلیمی، هاشم(1380)، نگاهی به فولکلور کردی، فصلنامه علمی پژوهشی مطالعات ملی، شماره 8 ، ص: 145.
- رحیمیان، محمد(1392) ، سرآغاز و سیر ادبیات داستانی کردی، انتشارات رامان سخن، تهران.
- جلالی، گلاویژ(1395)، منظومه سرایی (بیت) در فولکلور کردی، دانشگاه گیلان.
- میکائیلی، حسین(1394) ، بیت در ادب فولکلور کردی، پژوهشنامه ادبیات کردی، سال اول، شماره:1، پایز 1394 ، ص: 51 – 74.





Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## انعكاس البعد الدينى والاجتماعي في القصة الفولكلورية
## (شيخ فرخ و خاتو أستى)

**الملخص:**

تندرج هذه الدراسة ضمن الدراسات الفولكولر الكردي، والمقصود بالفولكلور الكردي ذلك الجزء الذي روي مشافهة جيلا بعد جيل من غير تغيير حتى وصل إلينا، وكما لا يخفى من شريف علمكم بأن قوم الكورد كباقي الأقوام الحية والفعالة، له ثروة فولكلورية غنية، التي تم عرضها بأشكال مختلفة . "البيت" تخلق جزءا مهما من الأدب الفولكلوري الكوردي و واحدة من خصائصه، والبيت من حيث المضمون انعكاس للثقافة والتقاليد والمعتقدات الدينية، حيث كل منطقة لها ذخيرة أدبية كبيرة ذات خصائصة تختلف عن منطقة أخرى. وهذه الدراسة مختصة بقراءة البيت "شيخ فرخ وسيدة أستي" وهو حدث في الحب الحقيقي الذي روي على شكل بيت، وعلى وفق روايات ومحتوى القصة يظهر لنا أن موقع الحدث يكون في قرية" داودية" في منطقة بشدر .على مستويين وضعناه تحت ضوء الدراسة، الأول: من ناحية التركيز على الأسماء الأشخاص الذين لهم نصيب في تطور الأحداث، حيث نرى من هذا الجانب أن التقاليد والمعتقدات المنطقة بشدر انعكست فيه، والثاني: نعتمد على النص الذي روي به البيت في العديد من الأماكن تظهر اختلافات في المعتقدات الدينية و قصص القرآنية، وهو جزء مهم لتحديد تأريخ الحدث، الذي يعود إلى مرحلة ما بعد انتشار الإسلام في هذه المنطقة. وتظهر أهمية هذه الدراسة بأنها محاولة لإحياء وتعزيز جانب مهم من ثروتنا الوطنية الكوردية، وهو "فولكولور"، ومحاولة لتقارب فولكلور الموجود في جميع مناطق المختلفة من مناطق كردستان، وعرضها في المؤتمرات الدولية وامراكز الأكاديمية.

**الكلمات الدالة:** *أدب الفولكلور، البيت، الدين، المعتقدات الإجتماعية، شيخ فرخ، سيدة أستي*

## Reflection of the religious and social dimension in the folkloric story of (Sheikh Farkh and Khato Esti)

**Abstract:**

This paper discusses some aspects of Kurdish folklore. Folklore is what is narrated and kept from generation to generation until it has arrived at the moment we live in. In Kurdish, folklore has been covered in various genres. Ballad takes an important part in Kurdish literature which reflects the style and beliefs of a group of people in a particular area. This paper is about Sheikh Farkh and Khatun Asti's ballad, which is a realistic one. In this ballad, imagination plays a great role. It is claimed that the setting of the event is Dawdia village in Pishdar district. We discuss the event at levels: first, the characters' names and their role in the development of the events which is a complete reflection of Pishdar district. Second, the narration of the content in which some Qur'anic verses can be felt. This leads us to conclude that the time of the event was after spreading and reaching Islam to the area. The significance of the paper is enlivening and maintaining one of the genres of our nation which is ballad. Also, making a connection between ballads and various genres of our nation in an academic conference.

***Keywords:*** *folklore, ballad, religion, societal beliefs, Sheikh Farkh and Khtun Asti*